# مایۆی چینی هەناوی سەرمایەی جیهانی بەردایەوە

عەلی مەحمود محەمەد

لەم رۆژانەدا كێشەی ناردەی بەروبومی رستن و چنینی چینی لە قوماش و جلو بەرگ ,گۆلمەزێكی گەورەی لە بازرگانی جیهانیدا ناوەتەوە , گەیشتووە بە ئاستێك خەریكە سەرمایەداری جیهانی لە بیروباوەرەكانی خۆیان واتە لیبرالیی ئابوری پاشگەز دەبێتەوە , ئازادی بێسنوری بازرگانییان لە بیرە چێتەوە و لێی پاشگەز دەبێتەوە , ئەوان لە رابردوودا لەگەلّ ئەوەدا بوون بازرگانی دەبێت ئازاد تر بێت لە ئاوی بە خورِ , نابێت پێش بە بازرگانی و شمەك بگرترێت , رێگەی پیِ بدە با بە ئازادی مل بنێت بۆ هەر كوییەكّ دەیەوێت با بروات .

ئەمرۆ لە دوای هەلگرتنی سستەمی بەش لە بازرگانی بەروبومی رستن و چنین لە بەرواری **1-1-2005** بە دواوە , سەر بە بازارِی چ وولآتێكدا دەكەیت , مایۆو كراسی چینی هەلّدراوەتەوە , بۆینباخی پیاوان ئاسمانی دوكان و بازارەكانی نەخشاندووە , هەزاران بە شورو شەوق و خۆشییەوە پەلاماری دەدەن , قوماشی چینی نیوەی نرخی خۆی تا ئێستا لەدەست داوە , لەگەلّ خۆیدا هەرەسی بە نرخی بەرهەمی وولآتەكانی دیكەش هێناوە . خەلّكی كەم دەرامەت و هەژار , كرێاران و بێكاران , لە بان خەرمانی بەروبومە چینییەكانەوە ریزییان بەستووە , ئەوەی دوێنیّ نایەتوانی شمەكی نویّ لەبەر بكات و كۆنەی دەكرِی , ئەمرۆ چین ئەو ئاواتەی بۆ مسۆگەر كردووە , ئەو كەل و پەلەی ئەمرۆ بە **5** دۆلارە سبەی بەیانی كە چاو دەكەیتەوە دۆلارێك دابەزییوە , ئەمەش خزمەتێكی باشی بە كەم دەرامەتانی جیهان دەكات .

ئەمسالّ, بە تایبەت دوو مانگی رابردوو , **4** خالّ چینی كردە جێگەی گرنگی پێدانی جیهانی , ئەوانەش بریتی بوون لە :-

- رێككەوتن لەگەلّ هیند , دەتوانن پێكەوە رەوتی سیاسی , ئابوری , سەربازی , زانستی جیهان بگۆرِن .

- هەلّوێست وەرگرتن بەرامبەر ژاپۆن , ناچار كردنی بە داوای لێبوردن كردن لە بەرامبەر تاوانەكانی رابردوو .

- بریاری پەرلەمانی چینی سەبارەت بەجیابونەوەی تایوان و هوشیار كردنەوەی لە بەرامبەر ترسناكی هەنگاوی لەو چەشنە .

- كۆتایی هێنان بە سستەمی بەش لە بازرگانی رستن و چنیینی جیهانی , ئەم خالّەیان بابەتی ئێستامانە لەسەری رادەوەستین .

شالآوی بەرهەمی جلو بەرگی دروستكراوی چینی لە دوو مانگی یەكەمی ئەمسالّ **28,1**٪ زیاتر بوو لە چاو هەمان دوو مانگی سالّی **2004** , كۆی گشتی ناردەی جلوبەرگی گەیشتە **9,34** ملیار دۆلار , قوماش لەوەش زیاتر سەركەوت , **34,6**٪ زیاتر بوو لەچاو هەمان دوو مانگی سالّی پێشوو (**28-3-2005** شینخوا). هەرچەندە نرخی هاوردە كەمتر چۆتە سەر , بەهۆی هەرزان بوونی كەلوپەلوكانەوە , لە بەرامبەردا قەبارەی ناردە زۆر سەركەووتووە . ناردەی چین لە **2** مانگی رابردوودا ناردەی بۆ وولآتانی ئەوروپا **46**٪ گەشەی كرد .

تۆفانی ناردەی چین ئەمەریكاو ئەوروپای تۆقاند . مەترسی ئەو وولآتانەی كە نارازین لێرەوەیە , بەروبومەكانییان ناتوانێت ململانێی شمەكی هەرزانی چینی بكات , لافاوی بەروبوومی چینی هەرەسی بەنرخی جلو بەرگ و قوماشی ئەو وولآتانە هێناوە , ئەمەش ئەلف و بێی یاسای سەرمایەداری و بازارِی ئازادە , ئەمە هەمان كایەی ئابوورییە سستەمی سەرمایەداری

نەخشەی بۆ کێشاوە , هەمان ئەو گۆڕەیە سەرمایەداری بە دەستی خۆی بۆخۆی هەڵکەندووە . لە کوردستانیش شمەکی چینی , جلو بەرگ و پێڵاوی سوری–ئێرانی–تورکی ڕاونا و لە بازاڕ بە دەرییانی نا .

نادرەی پیشەسازی ڕستن **30**٪ کۆی بەرهەمی چینە بە گوێرەی ئامارەکانی چینی , ساڵی **2004** کۆی بەرهەمی ڕستن گەیشتە **321,95** ملیار دۆلار بە زیادەی **22,79**٪ لە چاو ساڵی **2003**.
هەرچی پسپۆرە بێگانەکانە پێیان وایە نادرەی چین **50**٪ بەرهەمی چینییە لەم کەرتە , واتا نادرە زیاترە لەوەی چین ئاشکرای دەکات , ئەمەش بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانن لەسەر پیشەسازی ڕستن و چنینی جیهانی . ساڵی ڕابردوو نادرەی چین لەم کەرتە **21**٪ گەشەی کرد . هاوکات بایی **1,2** ملیار دۆلار ئامێری ڕستنی پێشکەوتووشی لە بەرواری **2–2–2004** بە دواوە لە دەرەوە کڕیوە بۆ تازەکردنەوەو پێشخستنی ئەم کەرتە (**1–2–2005** شینخوا) , ئەمە جگە لەوەی ئەوەی خۆیان بەرهەمییان هێناوە .

مانگە بەراییەکانی ئەمساڵ پاش کۆتایی هاتن بە سستەمی بەش لە بازرگانی کەرتی ڕستن و چنین و جلوبەرگ , تەنها بۆ وولاتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا نادرە **65**٪ چووە سەر . سستەمی بەش کە لە ساڵی **1974** ەوە داندراوە , لە سەرەتای ئەمساڵ پاش **10** ساڵ لەمشت و مڕ و دانوساندن, سەرەتای ئەمساڵ هەڵوەشایەوە . وولاتە دەوڵەمەندەکان هەرچەندە بانگەشەی ئازادی بازرگانی و خەبات بۆ کۆتایی بە هەژاری دەکەن , بەڵام لە کەرتی ڕستن و چنین و کشتو کاڵ لەگەڵ ئازادکردنی بازرگانی نین لە ترسی بەرهەمی هەرزانی وولاتانی پەرەستێن و کەنار . سەرباری پشتگیری لە کشت و کاڵ لە ناوخۆ ( هەر مانگایەك لە ئەوروپا ڕۆژانە **3** دۆلاری هەیە لە دەوڵەتەوە ) , ڕێگریش لە بەردەم ئازادی بازرگانی لەم کەرتانە دەگرن , وەك دەزانین وولاتانی هەژار هیچ بەرهەمێکی دیکەیان نییە جگە لەم دوو کەرتە.

وولاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا زەندەقییان چووە لە بەرهەمی پیشەسازی ڕستن و چنین و جل و بەرگی چینی , بەهۆی هەرزانی ڕادەبەدەر و باشی بەرهەمەکانەوە , چینییەکان دەست ڕەنگینن , هەزاران ساڵیش لە کەرتی قوماشدا پێشەنگی جیهان بوونە , حەریری چینی بەناوبانگترین کاڵای سەردەمی خۆی بووە, بۆ ماوەی هەزاران ساڵ چینییەکان لە بەرهەمی پارچەدا بێ منافس بوون , ئەمە سەر لەنوێ زیندوو بونەوەی ڕۆڵی چینە لە پیشەسازی حەریر, بەڵام بە ڕەنگی دیکەوە .

کۆی داهاتی فرۆشتنی بەرهەمی ڕستن و چنین و پێڵاوی چینی پارساڵ گەیشتە **3879,8** ملیار یوان بە زیادەی ساڵانە **21,3**٪ (**4–4–2005** شینخوا). چین پێڵاوو جلوبەرگی ناوەو دەرەوەی بە ئەندازی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی بەرهەم دەهێنێت . چین بۆ خۆی **28**٪ بازاڕی جیهان لە ڕستن و چنین دیاری دەکات , هاوکات ئێستا **25**٪ نادرەی جیهانی ئەم کەرتەش لە چینەوەیە , هۆنگ کۆنگیش شوێنی شیاوی هەیە لەبەرهەم هێنان لە بواری ئەم کەرتە, هەرچەندە ئامارەکەی سەرەوە هیچ کام لە هۆنگ کۆنگ و ماکاوو و تایوان ناگرێتەوە (بیان **5–4–2005**).

ئەمساڵ بە گوێرەی پێشبینی خودی چینییەکان , نادرەی چین لە کەرتی ڕستن و چنین دەگاتە **100** ملیار دۆلار بە زیادەی **5** ملیار لە چاو ساڵی پێشوو (**15–4–2005** شینخوا) , بەڵام زیادەی **5** ملیار لەگەڵ ئەو زەندەق چونەی جیهان یەك نایاتەوە , پێی دەچێت ئامارەکە گەلێك لەو ئاستە زیاتر بێت . چارەکی یەکەمی ئەمساڵ نادرەی کەرتی چنینی چین گەیشتە **22,4** ملیار دۆلار بە زیادەی **19,1**٪ لە چاو هەمان کاتی ساڵی پێشوو , ئەم قەبارەو ڕێژەی گەشەکردنە لە چاو هەندێك کەرتی کەی پیشەسازی چین زۆر لە خوارە . کەرەسەی ئامێری **34,4**٪ گەشەی کرد و گەیشتە **85,4** ملیار دۆلار , شمەکی تەکنەلۆژییای پێشکەوتووش **32,3**٪ گەشەیکرد و گەیشتە **43,7** ملیار دۆلار (**7–5–2005** شینخوا) . بەڵام هیچکام لەو کەرتانە ئەو گوڵمەزەیان نەنایەوە , وەك مایۆو مەمکدان نایانەوە .

## هەڕەشە لە ناردەی چین

چین وەك فیلێكی زەبلاح بكەوێتە ناو دوكانی شوشە فرۆشێكەوە , چۆن بجولێتەوە , وێرانە كات , پاش ئازادكردنی بازرانی جلو بەرگ, چین هەمان مامەڵەی فیلەكە لە گەڵ پیشەسازی ڕستن و چنینی وولاتان دەكات , هیچ كۆمپانیياو دەولەتێك بەر شالاوی ناگرن , بە كام لایا دەجولێتەوە پلیقەكاتەوە , نەیهێشت مانگی هەنگوینی لاچونی سستەمی بەش تەواو بێت لێیانی كرد بە شین .( **10** ساڵ هەولٌ درا تا سستەمی بەش هەلوەشایەوە , بەلام ئێستا فەرەنسا دەیەوێت پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ئەوروپا تا ڕێگری پێك بهێنێت لە بەردەم هاوردەی چنینی چینی , ئەمەریكاش لەهەمان داواكاری دەكۆلێتەوە. بەلام باسكال لامی دانوسێنەری بازرگانی پێشووی یەكێتی ئەوروپا ووتی :(بنچینەی یاسای بازرگانی جیهانی جێبەجێكراوە , ئێمە لە جەنگەڵدا نین). لە لایەكی كەوە **15** لە وولاتە هەرە هەژارەكەی جیهان داوا لە كۆنگرێسی ئەمەریكی دەكەن مافی جیاییان پیٌ بدرێت بۆ ناردەی بەرهەمی چنین بۆ بازاڕەكانی ئەمەریكا , ئەوان ناتوانن ململانێی ولاتانی گەورەی وەك چین و هیند بكەن , لەو وولاتانە بەنگەلادیش , ئەفغانستان , كەمبۆدییا, نیپالٌ, سریلانكایان تێدایە.

تەنها هیند و چین نییە پاڵەپەستۆیان خستۆتە سەر ئەمەریكا , بەڵكە وولاتانی ئەمەریكای لاتینیش , نوێنەری ئۆرۆگوای دژ بە هەر ڕێگرییەكن بۆ سەر ناردەی جلوبەرگ , ووتی : پێویستە بگەنە ئاستی توانای چین . بۆشیا لی شالیاری بازرگانی چین ووتی ( لە لایەن خۆمانەوەو ئارەزوو مەندانە ڕێگرییمان خستۆتە سەر ناردەی چنین و بەرهەمیشی هەبووە).

بەنگەلادیش **13**٪ خێزانە هەژارەكانی لەسەر ئەم كەرتە دەژێن , **1,5** ملیۆن كچ لەم كەرتە كارە كەن (بیان **10-5-2005**) , ئەگەر چین وا بكات ئەوا بێكاری و هەژاری زیاتر چاوەڕێیانە . بەهەمان شێوە **70**٪ ناردەی پاكستانیش جلو بەرگە , كەمبۆدییاو ڤێتنام و فلپین و سریلانكاو ئەندەنوسیا .... ناردەیان بەشی زۆری جلوبەرگ و بەرهەمی ڕستن و چنینە , بەم شێوەیە دەبینین ئەم وولاتانە بونەتە بەندەی پیشەسازی ڕستن و چنینی چینی , هەموو لەبەر ڕەحمەتی پلیق كردنەوەی فیلەكەن .

یەكێتی ئەوروپا هوشیاری دا بە چین بەرامبەر ڕادەی بەرزی ناردەی لە بەرهەمی ڕستن و چنین , هەندێك بەرهەم **500**٪ چۆتە سەر . لە ساڵی **2003**دا بەشی چین لە ناردەی ڕستن و چنینی جیهانین **17**٪ بوو , بەلام پێشبینی دەكرێت لە **3** ساڵی داهاتوودا بەشی لەم كەرتە لە بازرگانی جیهانی بگاتە **50**٪. فەرەنسا گەورەترین هێزی بەرهەم هێنەری جلو بەرگە لە ئەوروپا , ڕایگەیاند **17000** وەزیفە لە دەستە دات ئەگەر سنورێك بۆ ناردەی چین دانەنرێت , كارگاكانی ڕستن و چنینمان لە مەترسیدان (**24-4-2005** بی بی سی). (وەزیری پیشەسازی ژمارەی ئەوانەی كاریان لە دەست دەدەن بەهۆی ناردەی چینەوە لە كەرتی ڕستن و چنین بە **17000** دیاریكرد (**24-4-2005** جەزیرە نێت). پیشەسازی ڕستن و چنینی فەرەنسی **10**٪ زیانی لێكەوت (ئەهرام **9-5-2005** ژمارە **1896**). فەرەنسا و ئیتالییاو پورتوغال داوای پاراستنە كەن بەرامبەر بەرهەمەكانی چین لە كەرتی ڕستن و چنین و جلو بەرگ (جەزیرە نێت **29-4-2005**). بەلام فنلەند دژ بەم بیرۆكەیە وەستایەوە , بالۆێزی چینی لە برۆكسل ووتی: ئێوە خۆتان داوای بازرگانی ئازاد دەكەن , كەچی هەرخۆشتان لێی پەشیمان دەبنەوە . ئەمەریكاو ئەوروپا دەیانەوێت ڕادە بۆ هاوردەی چینی دانێن ,ئەوروپا بۆ **9** جۆر شمەك و ئەمەریكاش بۆ **7** جۆر . چین هوشیاری دایە ئەوروپاو ئەمەریكا سەبارەت بە پێك هێنانی ڕێگری لەبەردەم ناردەی چنین , كە لە نێوان **50**٪ بۆ **500**٪ گەشەیكردووە , پێش بینی وایە ئێستا ناردەی چنینی چین **25**٪ بازرگانی چنینی جیهانی دیاری بكات (بیان **30-4-2005**). هەندێك جۆری بەرهەم **500**٪ ناردەی زیادی كردووە , كراس **164**٪ و مەمكدان **534**٪ . تەنها وولاتە دەوڵەمەندەكان نین بەرگەی هەرزانی بەرهەمی چین ناگرن بەهۆی هەرزانی هەقدەستەوە , بەڵكە وولاتە هەژارەكان زیاتر تەنگەتاو بوونە , چونكە گەورەترین پیشەسازی و سەرمایەی ئەو وولاتانە

ئەم کەرتەیە . پیشەسازی ڕستنی چینی هەردوو دیوی ئەتلەسی یەك خست لە بەرامبەر خۆیدا , وولاتانی (ئەندەنوسیا, بەنگەلادیش , پاکستان, فلپین , کەمبۆدییا, مەغریب ) زیان لێکەوتوانی ئەم شالاوەن (29-4-2005 بیان). 16 وولات بڕیاریان داوە ڕیگری لە بەردەم تۆفانی ناردەی چین لە کەرتی ڕستن و چنین دروست بکەن (بیان 5-4-2005).

شالاوی بەرهەمی چنینی چینی , بەرهەمی چنینی تونسی وێرانکرد , نالەی لێبەرز بووەوە , هاوکات مەغریب و تورکییاو مەکسیك و کۆلۆمبیاش زیرەیان چوو بە ئاسمانا , ناردەی 3 مانگی یەکەمی ئەمسالی چین 100٪ چووە سەر نرخیش 40٪ دابەزی لە ئەوروپا (سی ئێن ئێن 7-4-2005).

15 ولات زیان لێکەوتوون لە کۆتایی هێنان بە سستەمی دیاریکردنی بەش لە بازرگانی جلوبەرگ . لە مەغریب زۆر کارگا هەرەسییان هێناوەو کرێکاران بێکار بوونە , لە ئەوروپا داخوازی لەسەر بەرهەمی مەغریبی کەم بۆتەوە , لەچارەکی یەکەم 30٪ ناردەی دابەزیووە, 6000 کرێکار کاریبیان لەدەست داوە , زیانی گشتی بە 130 ملیۆن دۆلار دیاریکراوە , لە مەغریب کۆی گشتی 250000 کرێکار لەم کەرتە کارە کەن , سالی 2004 ناردەی جلو بەرگ و قوماشی چینی بۆ مەغریب 35٪ چوە سەر , گەیشتە 1,4 ملیار دۆلار (حیات 28-4-2005).

ئێستا 50٪ پیشەگەرانی بواری پیشەسازی جلوبەرگ لە جیهاندا , لەبەر چین , بە ناچاری دەرگای کۆمپانیاکانییان دادەخەن و ڕوو لە ئەویَ دە کەن . چین خاوەنی ژمارەیەکی بەرزی کرێکاری ڕاهێنراوە , بوونی ژمارەیەکی زۆر بێکار لە لادێکان وا دەکات کرێی کرێکار بە ئاستی زۆر بەرز نەبێتەوە لە ماوەی دووردا , هەروەها بوونی کرێکار کەم نەهێنێت (حیات 26-2-2005-سلوان یوسف). هاوکات گەورەیی بازاڕی چین و بوونی ژێر خانێکی گەشەکردوو و مۆدێرن , پەیوەندی و گواستنەوەی گەشەکردوو , زەمینەی گەشەی پیشەسازییان لەم وولاتە خۆشکردووە .

فەرەنساو ئۆرۆگوای ململانێیانە لەسەر سەرۆکایەتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەم قۆناغەدا , لایەنە پەیوەند دارەکان داوایان لێیان کرد , بازرگانی چینیی وولاتە هەژارەکان نەکەنە قوربانی خۆتان , لێرەوە بۆمان دەرە کەوێت کێشەی ناردەی بەرهەمی چنینی چینی کێشەی بازرگانی ڕۆژە , هەموو گفتوگۆ ئابوری و سیاسییەکانی گرتۆتەوە .

ئەوە نییە ئەمەریکا تەنها لەگەل داسەپاندنی ئابلوقەی چەکدا بن لەسەر چین , ئەمرۆ ئابلوقە حەریری چینیشی گرتۆتەوە , دیارە ئەمەریکا مەترسی لەوە هەیە مایۆکانی چینی لە گرتنەوەی تایوان بەشداری بکەن( ئەمەریکا داوا دەکات ئابلوقەی چەك لەسەر چین بەردەوام بێت , بەریتانیاش دەلێت پاش پەسەند کردنی بڕیاری پەرلەمان لە بەکار هێنانی هێز دژ بە جیابونەوەی تایوان ئابلوقە دەبێت بەردەوام بێت) (جەزیرە نێت 23-3-2005).

## ئایندەی بازاڕی جیهان لە کێشەی جلو بەرگی ئێستاوە

چین نەهەنگی بازارە. بەرهەمی زۆرەو گەدەی گوریلاشی پێوەیە , چی تێبپەستیت هەر دەلێت با بێت . وولاتێکی بچوك نییە بەرگەی تەکانەکان نەگرێت , 10 ژاپۆن و 325 سەنگافورەی لێدەرەچێت , 7,5٪ بازرگانی جیهانی دیاری دەکات (1-5-2005 بیان ). 90٪ دیارییەکانی کریسمسی سەری سالی 2005 لە چین دروست کرا , هاوکات 75٪ یاری منالانی جیهان چین بەرهەمی دەهێنێت . چین کارخانەی جیهانە , 50٪ یەخچال و تەلەفزیۆنی جیهان و 30٪ جل شۆری جیهان بەرهەم دەهێنێت . شتێك نییە ئەم وولاتە بەرهەمی نەهێنێت , چینی بیَ ئایین , زۆربەی هێما ئاینییەکانی جیهان بەرهەم دەهێنن و دەینێرێتە دەرەوە , خواکانی هیندۆس , حیجاب , بەرمالی موسلمانان , داری کریسمس و سەلیبی کریستانەکانی جیهان (بی بی سی 12-3-2005).

باشه بۆ نەپرسین لە خۆمان جیهان بەرەو کوێ دەڕوات ؟؟؟ , ئەگەر چین کۆمپیوتەر و ئۆتۆمۆبێل و داودەرمان و فڕۆکە بەرهەم بهێنێت و بە نیوە نرخ بیانفرۆشێت؟؟؟؟ , دەبێت ئەو کۆمپانیایانەی ئەو شمەکانە بەرهەم دەهێنن چییان بەسەر بێت ؟؟؟ .

بۆل ئیکریت دەڵێت : ئەو تەکنەلۆژیایەی بەشداری گەورەی لە دابەزینی تێچوونی بەرهەم کرد, وا دەکات لە چەند ساڵی داهاتودا چین بگات بە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا . (بیان **31-3-2005**).
لەو کاتەوەی چین چۆتە ریزی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە ساڵانە بازرگانی چین **200** ملیار زیادیکردووە. چینییەکان باوەڕییان بە شایی لەگەڵ گورگدا هەیە , لە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ئەم دەنسە ئەنجامە دەن , لە زووەکەوە ووتوییان گرنگ ڕەنگی پشیلە نییە , بەڵکە گرنگ ئەوەیە مشك بگرێت . ڕێژەی گومرگ لە ساڵی **1992** دا **43,7**٪ بوو پاش چوونە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە دابەزی بۆ **10,4**٪ ( صين اليوم **1-2-2005**) , ئەمەش هاوکاری گەشەی بازاڕی کاربوردی ناوخۆی دا .

**پێشینی ئەمە ناکرێت ئەم زۆری و هەرزانی شمەکی چینی لەبواری ڕستن و چنیین , هەڵچونێك بێت و دابمرکێتەوە , وەرزی بێت و بپوکێتەوە , چونکە چین خاوەندی هێزێکی کاری مەزنە , زیاترە لە700 ملیۆن کرێکاری هەیە (شینخوا 29-4-2004) , تا ساڵی 2020 زیاتر لە 400 ملیۆن لادێی دێنە شارەکانەوەو پەیوەست دەبن بە هێزی کارەوە . ئێستا ڕێژەی شارنشینی لە چین 38٪ ە و لە جیهان 47٪ , ساڵی 2020 ڕێژەی شارنشینی چین دەبێتە 50٪ (14-2-2004 ڕادیۆی چین) . سەرباری ئاستی بەرزی گەشەی ژێر خان و بنیادنانی بەردەوام و کڕین و دامەزراندنی بەردەوامی کارگاو کارخانەی نوێ و ئاستی بەرزی سەرمایەگوزاری ناوخۆو دەرەوە , وا دەکات ئەم تەوژمە لە بەرهەم بەردەوام بێت بەهەمان گوڕو** تینی ئێستاوە بگرە بەزیادبوونی بەردەوامیشەوە .

پارساڵ ناردەی چین لە بەرهەمی ئەلکترۆنی **45**٪ و چنیین تەنها **15**٪ گەشەیانکرد , ناردەی گشتیش **35**٪ , بەڵام ناردەی جیهان **21**٪ گەشەیکرد , گەیشتە **8880** ملیار دۆلار , ئەمەش بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن بوو لە ماوەی **20** ساڵدا (بیان **18-4-2005**).بەم شێوەیە دەبینین گەشەی ناردەی ئەم کەرتە کە ئەم هەرایەی ناوەتەوە لە خوار کەرتەکانی دیکەیچینەوەیە , بۆ خۆی ئەمە مەغزایەکی کە دەداتە دەستەوە , ئەویش ئەوەیە سەرمایەداران تا ئەو کاتە لەگەڵ ئازادیدان کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت , بگات بە زیبان زوو لێی هەڵەگەڕێنەوە .

ئەوە نییە تەنها سەرمایەدارانی وولاتانی گەشەکردوو بەرامبەر بە ناردەی وولاتانی پەرەستێن بوەستنەوە , بەڵکە کرێکارانی چنین وجوتیارانی ئەمەریکا , وە زۆربەی جوتیارانی ڕۆژئاوا بە توندی لە بەرەی دژ بە جیهانگیری ڕاوەستاون , ئەوان جیهانگیری بە مەترسی بۆ سەر چارەنوسی کارەکانی خۆیان دەزانن . لە بەرامبەردا کرێکارانی ڕستن و چنین و کەلوپەلی ئەلکترۆنی و ئۆتۆمۆبێلی وولاتانی تازە پیشەسازی لە ریزی جیهانگەریدان , چونکە بەرژەوەندییان لە گەڵ دەرگا خستنە سەر پشتە بۆ بازرگانی , هەڵوێستەکان بە گوێرەی قازانج و بەرژەوەندی یەکلا بونەتەوە .

لە سەدەی **19** ئەڵمانییا دەرکەوت , سەدەی **20** وولاتە یەکگرتوەکان هاتە پێشەوە , سەدەی **21** سەدەی چین , بەرازیل و هیندستانە , ئەم دوو وولاتە(چین,هیند) سەرمایەگوزاری گەورە دەکەن لە پێناو داهێنانی ئامێری پێشکەوتوو , ئەمەش وا دەکات بتوانن لە ململانێی بازاڕی جیهانی دوا نەکەون , هەروەها کۆمپانییای سەرکەوتوویان وەك وولاتانی کە هەیە , بەڵام وولاتانی کە کێشەی پیری و ئایدز و پەنابەرانییان هەیە , ناتوانن لەو باڵا دەستییەی ئێستایان بمێننەوە (**31-3-2005**

بیان  محمد حسین یوسف)٠ ئەو هەرایەی ئەمڕۆ مەمکدان ناوێتییەوە , سبەی ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکەو کۆمپیوتەر دەینێنەوە , چینەو بە ئاواتی بونە بە کارخانەی جیهان , بە نوسینی لە چین دروست کراوە مۆرکی خۆی بە مێژوەوە بنێت .

خشتەی گەشەی بەرهەم هێنانی قوماش و ڕستن لە چین لە دوای شۆرشەوە

| النوع | الوحدة | السنة | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **1952** | **1978** | **2000** | **2001** | **2002** |
| الغزل | ألف طن | 656 | 2ر382 | 6ر570 | 7ر607 | 8ر500 |
| الأقمشة | مليون متر | 3ر830 | 11ر030 | 27ر700 | 29ر000 | 32ر240 |